www.kurdistannet.org
29/06/2003 22:07

# نامەیەك بە روحیكی وەرزشیەوە بو كاك رزگار عبدالكریم

فرمان علی بالەك

ئەو كاتەی كە وەلامیك بو كاك فرمان لە كوردستان نیت بە بەر چاوانم كەوت چاوەروانی ئەوەم نەئەكردكە كاك رزگار بلی قسەكانی كاك فرمان وەك ئەو روژنامە نوسانەی دەورانی كون حسابیان بو دەكریت كە لە پال حزبەكاندا بژیوی ژیان دابین دەكات بویە وا بە شان و بانیان هەل دەلی؟ بەهەر حال من بە شان و بالی هیچ حزبیكم هەلنەگوتوە بەلكو كومەلیك راستیم نوسیوە. بیگومان لە كومەلگەی ئیمەدا شتی باش هەیەو شتی خراپیش هەیە بەلام واباشە شتە باشەكان زەق بكرین و بزر نەكرین !!! كاك رزگار زور لە نمونەكانی باسی سلیمانی دەكات بەلام كەچی من بە تەنها باسی وەرزشی سلیمانیم نەكردووە وە لەگەل هەولیرو شارەكان ی دیم لیك جیا نەكردوتەوە. بەلكو باسی پیشكەوتنی وەرزشی هەمو كوردستان دەكەم و سلیمانیش لە كوردستانم جیا نەكردوتەوە !

وە من تەنها باسی وەرزشم زیاتر لە دەورانی بەعسدا كردوە. كە چون مامە لە یان لەگەل یاریزانان و وەرزشوانان دا كردبو. كاك رزگاری بەریز لە سەردەمی بەعسدا هیچ یاریزانیك و وەرزشوانیكی كورد ئازاد نە بوو لە یاری كردن. كەچی محارەبەش ئەكران. با بو كاك رزگار نمونەیەك بینمەوە كە ئیستا وەرزشوانان تا چەند ئازاد بونە من لە كەركوك بوم چەند خولیكی وەرزشیمان تەختیە كرد كە لە لایەن وەرزشوانانی دیرینی ئەو شارە كرا بووە ئەوان سەرپەرشتیان دەكرد. بە ئیمەیان ووتزیتر لە (٢٠) سالە ئیمە لە یاریگاكان دوورین. وە جاران ریگەمان پی نەئەدرا یاری بكەین یان سەرپرشتی خول بكەین یان لە یاریگادا ئامادەبین. چونكە كورد بون.

بەلام من بو كاك رزگاردە بارەشی دەكەمەوە كە لە كوردستان دا وەرزش پیشكەوتوە و چاوەریی زیاتریشی لی دەكریت. بەلام دیارە كاك رزگاریش یاریزان بوە لە پال خەدریكی كە لە بەرامبەر ئودا كرابیت بویە وا مەست و گرم ببو؟؟

**farman_80@hotmail. com**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.